# چەند تێبینی‌یەک لە سەر سەفەرەکەی مام جەلال بۆ ئێران

**خەلیل غەزەڵی**

سەردانەکەی مام جەلال بۆ ئێران لە چەند لایەنەوە جێگەی ڕامان و باسە. یەکەم ئەوەی ئەم سەفەرەی بەڕێزی بە پێچەوانەی سەفەرەکانی دیکەی کە خاوەنی هیچ پلەیەکی رەسمی نەبوو ، وەک سەرۆککۆماری وڵاتێک و لەسەر بانگهێشتی سەرەک کۆماری ئێران (هەواڵدەریی ئیسنا 1-9- 84 ) بووە . بۆیە چاوەروان دەکرا بەرێز مام جەلال ئەو هەستەی لە خۆ نیشان بدایە کە سەرۆککۆماری وڵاتێکە . نەک رێبەری هێزێکی ناوچەیی کە لە کەم دەسەڵاتیدا بۆ چنگ خستنی



مام جەلال بە خۆی و تاجینە گوڵەکەیەوە لە سەر قەبری خومەینی خەریکی خوێندنی فاتیحەیە !!

یارمەتی رووی لە ئێران کردبێ .

ئەوەی هەواڵدەریەکان و تەنانەت ڕاگەیەنەرەکانی یەکێتی نیشتمانیش لەو سەفەرە بڵاویان کردەوە ، بەداخەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستیە بون کە باسکرا . بۆ نموونە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ خامنەیی، بۆ مام جەلالیش وەک یەکێک لە کاربەدەستانی حکوومەتی ئێران ( کە هەموویان لە ئاستی دەس ماچ کردنی ڕێبەردان) حیساب کرابوو ، و لە تەنیشت ئەحمەدی نێژاد دایانابوو . کە تەنانەت قانوونی ئەساسی ئێرانیش بە فەرمانبەرێکی رێبەری دەزانێ . لە کاتێکدا عورفی پێوەندیی نێونەتەوەیی و دیپلوماسی ئەوەیە کە باڵاترین کاربەدەستی وڵاتێک کاتێک سەفەر بۆ وڵاتێکی دیکە دەکات ، هاوشانی باڵاترین کاربەدەستی وڵاتی میواندار بەحیساب دێت و پلە و جێگەی ئەوی بۆ دادەنێن .

هەروەها لە هیچکام لە دانیشتنەکانیدا وەک رەسمە لە وەرگێڕ کەڵک وەرنەگیرا . واتا مام جەلال وەک سەرۆککۆمارێک بە زبانی دەوڵەتی میواندار دەبێ قسەی بکردایە . ئەمە جیالەوەی کە بەرێزی چەندە فارسی دەزانێ ، چەشنێک بێ ڕێزی و لە بەرچاو نەگرتنی عورفی دیپلوماسیە . دیارە حکوومەتی ویلایەتی فەقی بۆ میوانە رەسمییەکانی ئەو عورفە لەبەرچاوی دەگرێ . بەڵام وەک دیتمان لە دیدار لەگەڵ کاربەدەستانی ئێراندا ئەو حیسابە بۆ مام جەلال

نەکرا . کە ئەمە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ بنەما فیکریەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی و بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مام جەلال هێشتا خۆی بە قەرزاری حکوومەتی ئێران دەزانێ و بە کردار و بەتایبەت قسەکانی ، خەریکی قەرزدانەوەیە .

دیارە رەفتار و قسەکانی مام جەلال لە ئێران تەنیا لە ئاستی قسەدا دەمێننەوە و بێگومان هیچیان نابنە سیاسەتی دەسەڵاتی ئێمڕۆی ئێراق. چوونکە وەک لە هەمووان ئاشکرایە ئیمڕۆ ئامریکایە کە خەت و رێبازی حکوومەتی ئێراق دیار دەکات . بۆیە دوور نییە ئیمرۆ یا سبەی مام جەلال بۆ دڵنیا کردنی ئامریکا و خاوکردنەوەی قسەکانی خۆی لە ئێران ، لە کۆبوونەوەیەکدا ڕابگەیەنێ کە ئێراق هیچ کات نابێتە حکوومەتێکی ئیسلامی و رەنگە لەوەش زیاتر بچێت و ڕابگەیەنێ کە حکوومەتی ئێران دەستی لە ئاژاوەکانی ئێراقدا هەیە !!!

خاڵێکی دیکەی ئەو سەفەر کە بۆ باسکردن دەشێ ، سەردانی قەبری خومەینی لە لایەن مام جەلالەوە بوو .

پێش هەموو شت ئەوە باسبکرێ کە حکوومەتی مەزهەبیی ئێران لە تەنگ و چەڵمەی بیرو باوەڕی فاناتیکیی خۆی و دیپلۆماسیی جیهانیدا گیری کردووە. بۆیە لە ماوەی دەسەڵاتداریەتیدا کەمتر لە رێبەرانی وڵاتانی دیکە سەردانی ئێرانیان کردووە . گەریش تاک و تووکێ سەردانی ئێرانیان کردبێ ، بێجگە لە رێبەرانی وڵاتانی موسوڵمانی هەژار وەک "بورگینافاسۆ" ، کەسیان سەردانی قەبری خومەینی (وەک نوێنگەی ئیسلامی سیاسی و "فاندامێنتاڵیزم" ) نەکردووە.

بەڵام وەک دیتمان مام جەلال ئەم جارەش ئەوکارەی کرد . دیارە پێشتریش تاجە گوڵی لەسەر قەبری خومەینی داناوە . کە ئەمە لە ڕاستیدا پێش هەموو شت بێحورمەتی بە ڕای جیهانیە کە خومەینی بە مرۆڤێکی کۆنەپەرست و دڵرەق و شەرخواز دەزانێ. و پاشان لە بەر چاونەگرتنی هەستی بریندار و دڵی زامداری گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە. بزانین بۆچی .

یەکەم ئەوەی کە مام جەلال چ وەک فیکری پێشووی (چەپ و مائویست) و چ وەک فیکری ئیمرۆی (هاوپەیمانی ئامریکا و بەگشتی سەرمایەی جیهانی) هیچ نێزیکایەتییەکی فیکریی لە گەڵ خومەینی و حکوومەتی ئیسلامی نییە . دووەم ئەوەی کە خومەینی وەک دامەرزێنەری حکوومەتی ئیسلامی و ڕێبەری ئەو دەسەڵاتە ، بڕیاری شەری دونیای ئیسلامی دژی دونیای کفر ( کە لە روانگەی ئەوەوە هەر کەس موسڵمان نەبوو کافرە) دەر کرد. کە نموونەی هەرە زیندووی دەرکردنی فەتوای کوشتنی سەلمان روشدی بوو. سیهەم ، بڕیاری جیهادی دژی نەتەوەکەی مام جەلال دەرکردووە(28ی گەلاوێژی 1980) و لەسەر دەستی ئەو(خونەینی) دەیان و سەدان و هەزاران هاونیشتمانیی مام جەلال گیران ، کوژران و بێسەروشوێنکران ، دوورخرانەوە ، ماڵوێران بوون و...

ئەو بڕیارەی خومەینی هێند دڵتەزێن بوو کە ئەو کات مام جەلال و رێکخراوەکەی ڕایانگەیاند کە ئەوە بڕیاری ژێنوسایدی گەلی کوردە . بۆیە چالاکانە هاوهەنگاو لەگەڵ پێشمەرگەی رۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ دەسەڵاتی ئیسلامی بەشەڕ هاتن و قوربانیان دا. پاشتریش ئەگەر خۆشبینانە چاوی لێ بکەین و بیر لەوە نەکەینەوە کە بۆ خوش کردنی بواری مفاوزە لەگەڵ سەدام بووە، مام جەلال بڕیاری دا بە ناوی هێزی پشتیوان شان بە شانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دژی دەسەڵاتی رەشی ئیسلامی شەڕبکات و لەم رێگایەشدا خوێنی ژمارەیەک رۆڵەی کوردی باشووری کوردستان لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانیدا رژایە سەرچیاکانی رۆژهەلات کوردستانەوە . کەچی ئێستا دەبینین هەر هەمان مام جەلال تاجینە گوڵ

لەسەرقەبری کابرایەک دادەنێ کە خۆی بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر گەلی کورد و عیلمانییەتی دەناسی .

جیا لەمانەش مام جەلال تەنانەت گەر لەو باوەڕەشدا نەبوایە، بۆ ڕێز گرتن لە گەلانی ئێران بەگشتی و گەلی کورد لە رۆژهەلاتیش بوایە ( کە خۆی باش ئاگاداری جینایەتەکانی خومەینی و دەسەلاتەکەی دژی خەلکەکەیەتی) دەبوا سەردانی قەبری خومەینی نەکردبای. خۆ بە زۆر ڕاکێشیان نەدەکرد سەر قەبرەکەی .

مام جەلال پێش ئەوەی ئێراقی بێت ،کوردە . بۆ کورد رەوا نییە رێز بۆ جەلادەکانی گەلەکەی دابنێ . ئایا دەکرێ بەیانی مام جەلال یا هەر کەسێکی دیکە دەستە گوڵ لە سەر قەبری کەماڵ موستەفا(باوکی تورکان) یا حافیز ئەسەد دابنێ؟ ئایا لە ئەوپەڕی دەسەلاتداریی بەعسدا کام کوردی رۆژهەلات ( کە بنکە و بارگایان لە ژێرحاکمییەتی سەدام دابوو ) سەردانی قەبری میشڵ ئەفلەقی کرد و تاجە گوڵی لەسەر دانا؟

ئەم کارانە لەباتی ئەوەی رێز و قورسایی بە خاوەنەکەی بدات ،بە پێچەوانەوە دەیشکێنێ . رەنگە مام جەلال هەر ئەوکاتەی لە مێشک دابێ کە بە هەر شێوەیەک بووە دلی دەسەلاتدارانی ئێران نەرەنجێنێ و بەیانی خودا کەریمە . بەلام ئایا ئەوە نازانێ کە تەواوی دانیشتنەکانی لە ڕاگەنەرەکاندا بلاو دەبنەوە و حکوومەتی ئێران ئاگاهانە و بەمەبەستی شکان و بێ ئیعتبار کردنی لە تەواوی ناوچە کوردنشینەکاندا بانگەشەی دەکات . دیارە حکوومەتی دەزانێ بەو کارە خۆی هێچی دەس ناکەوێ و تەنیا بە رق وبێزاریی خەلک زیاد دەکات . بەلام لە هەمانکات دا دەبێ مام جەلال یا هەر کەسی دیکە کە سەردانی قەبری خومەینی دەکات و وا بە شان و بالی دەسەلاتدارە جەنایەتکارەکانی ئێراندا هەڵ دەلێ چاوەڕوانی ئەوەبێ کە دلی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی لێ برەنجێ .

**سەرماوەزی 2005**